www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:59 2007-4-28

منیش لە سەر شەهید کردنەکەی (دوعا) قسەم هەیە ... دکتور فایق محەمەد گوڵپی

لە سەردەمی خەباتی چەکداریدا، برادەرێکی پێشمەرگەم هەبوو، ئەندامی کومەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بوو وخۆی بە مارکسیەکی تەواو دەزانی، ئەیوت من لە تێروانینمدا لە سەر هەموو چەمك و دیاردەکان مارکسیم، بەڵام دەربارەی کێشەی ماف و ئازادی ژن مارکسی نیم. ئەو برادەرەی من کادرێکی ناسراوی ئەو کاتە و ئێستەی (ینك) ە، پیاوێکی دڵسۆز و سادەیە، لە دڵسۆزی و سادەیی خۆیەوە ناخی خۆی بۆ من و بۆ برادەرانی تر واڵا دەکرد. لەو کاتەوە زۆر قسە هەن لە بیرچوونەتەوە، بەڵام ئەم قسەیەی ئەو برادەرەم لە بیرنەکردووە، ئەم قسەیە بۆیە هێندە کاریگەری لە سەرم دانا، پێم وابوو ئەوەی ئەو باسی کردووە راستیەکە و دیاردەیەکی گشتیە، لە بەر ئەوەی هیچ کام لە حزبەکان نەیانتوانیوە زهنیەت و پراکتێکی ئەندام و کادرەکانی خۆیان دەربارەی کێشەی ژن بگۆڕن، ئەگەر چی حزبە کوردستانیەکان بە لێدوان و بە نوسین خۆیان بە پێشکەوتنخوا و ئازاد و دیموکرات ناساندووە، بەڵام بە پراکتیکی کاتێك کێشەیەکی کومەڵایەتی-رەگەزیان بەروەروبۆتەوە، وەك سەرۆك خێڵ و مەلا و قەشە هەڵسوکەوتیان کردووە. بۆیە لە راستیدا تەنها ئەو برادەرەی من بۆچونی لە سەر کێشەی ژن وانەبوو، بەڵکوو ئەندام و کادر و سەرکردەکانی حزبە مارکسی و کولکە مارکسیەکانی ئەو کات و ئەمرۆش، ئەندام و کادر و سەرکردەکانی حزبە کۆلکە علمانی و دیموکراتەکانی ئەمرۆش، هەر وەك ئەو برادەرەی من لە سەر بابەتی ماف و ئازادی ژن بیر دەکەنەوە و بریار ئەدەن و هەڵسوکەوت دەکەن، بەڵام جیاوازی نێوان ئەو برادەرەی من و ئەوانی تر (کادر..) ئەوەیە، برادەرەکەم مرۆڤێکی سادەیە و دڵی بی گرێیە و هەر تێروانینێکی هەبێت لای دۆستەکانی باسی دەکات، ئەم جۆرە کەسانەش بە درکاندنی راستیەکان سوود بە خۆیان و بە کومەڵگاکەیان دەگەیەنن، ئەندام و کادرو بەرپرسەکانی تری حزب و ئەدەبیاتی حزب، کەسانی سادە نین و دڵیان چەندان گرێکوێرەی تێدایە، ناخیان بۆ کەس واڵا ناکەن و لەگەڵ کومەڵگاکانی خۆشیاندا کراوە نین، نەك هەر سوودیان بۆ خۆیان و کومەڵگاکەیان نیە، بەڵکوو بەردەوام کێشە کومەڵایەتیەکان بەرەو ئاستەنگی و بنبەست بوون دەبەن.

مەبەستم لە هێنانەوەی ئەم یادەوەریە ئەوەیە کە پەیوەندیەك لە نێوان قسەکانی ساڵانی هەشتاکانی ئەو برادەرەم و شەهیکردنی ساڵانی دوو هەزارەکانی (دوعا) دا درووست بکەم. ئەگەر چی وا خەریکە نزیکەی بیست و دوو ساڵ بەسەر قسەی برادەرەکەمدا تێپەڕدەبێت، بەڵام ئەوەی لە شەهیدکردنی!! ئەو کچە بی تاوانەدا بینیم، ئەوە نیشاندەدات کە بەرپرسانی حزبە دیموکرات و سوسیاڵ دیموکراتەکان، بەرپرسەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و رێکخراوەکانی کومەڵگای مەدەنی، بەرپرسەکانی رێکخراوەکانی داکۆکیکەری ماف و ئازادی ژن، هەر هەموویان دەربارەی چەمك و دیاردە سیاسی و کومەڵایەتی و رەگەزیەکان!! (جەندەریەکان!!) خۆیان بە دیموکرا ت و پێشکەوتنخواز دەزانن، بەڵام دەربارەی ماف و ئازادی ژن هەر هەموویان تا ئەمرۆش وەك ئەوکاتەی برادەرەکەی من وان (لە هەموو شتێکدا مارکسین بێجگە لە مەسەلەی ژندا)، لەگەڵ یەك جیاوازیدا کە ئەوان تا ئەمرۆش هێندەی ئەوکاتەی برادەرەکەی من ئازا و دڵپاك نین تا بتوانن بروا و هەڵوێستی خۆیان لە سەر چەمکی ئازادی ژن ئاشکرا بکەن. هڵسووکەوتی وەحشیانەی خێڵ و ئاین لەگەڵ دوعا، پشتیوانی دەسەڵات بۆ ئەو جۆرە هەڵسووکەوتانە، دەمامکی ڕووی کۆنەپەرستانەی بەرپرسانی حکومەت و پەرلەمان و دادوەری وحزبە دەسەڵاتدارەکانی دامالّی و پێی وتن، لە سەر بابەتی ماف و ئازادیەکانی ژنان ئێوە هەڵگری چەمکی ئازادی و دیموکراتی نین، شەهیدکردنی دوعا پێوتن لە سەر ماف و ئازادی ژن، تێڕوانینتان وەك تێروانینی راهیبەکانی سۆمەر و سەرەك خێڵەکانی بیابانی عەرەب و رابەرانی ئاینە تاك خوداییەکان وایە. 2007-4-27

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.